# چارەنووسی خەڵکی کوردستان لەسایەی
# زەلیل بوونی ناسیۆنالیزمی کورد لە گەمەیەکی ڕۆژانە و منداڵانەدا

**ئاسۆی بەدیهاتنی**

**داواکانی ناسیۆنالیزمی کورد لە عێراقدا تاریکە**

یەکێتی و پارتی داوای ( فیدرالیزم و کەرکوك لەچوارچێوەی عێراقدا ) لەئەمریکاو ئیسلامی سیاسی و ناسیۆنالیزمی عەرەب دەکەن بەبێ ئەوەی تا ئێستا هیچ کام لەو خواستانەیان نەك هەر بەدیهاتبێ بەڵکو دانیشی پیادا نرابێت. ڕۆژانە ئەم داوایەی خۆیان وەکو تەنها ڕێگا بەخەڵکی کوردستان نیشاندەدەن. هەروەها ئامادەنین گوێ بیستی دەنگ و خواستی خەڵکی کوردستان بن سەبارەت بەوەی لەعێراقدا چیان دەوێ و داوای چی دەکەن، خەڵکی کوردستان بەڕێگا چارەی جیابوونەوە لە عێراق دەترسێنن و بەبڤە و خەیاڵی شاعیرانەی لە قەڵەم دەدەن و بەشێوازی جۆراوجۆر دژایەتی ئەم ڕێگاچارەیە دەکەن و بەری پێدەگرن. ئەوەش حاڵی خۆیانە دوای ١٤ساڵ بەدەست ئەمریکاو پاشان ئیسلامی سیاسی و ناسیۆنالیزمی عەرەبەوە زەلیل بوون. ئاسۆیەکی ڕوونیان بۆ بەدیهێنانی داواکانیان لەبەردەمدا نیە و بە بنبەست گەیشتوون لەگەڵیاندا.

ئەمڕۆ کەتەرازووی هێز لەعێراقدا وورده وورده بە قازانجی ئیسلامی سیاسی بەگشتی و شیعە بەتایبەتی چووەتە پێشەوە ئەوانیش لەتەوافوق و وەعدەکانی خۆیان بە یەکێتی و پارتی پەشیمان بوونەتەوە. یەکێتی و پارتیش لەچەند ڕاگەیاندنی جیاجیادا لەلایەکەوە بەقیمەتێکی هەرزانتر داواکانی خۆیان دەخەنە ڕوو، هەر لەگەرمەی ئەم کێشانەدا بوو مەسعود بارزانی ڕایگەیاند کە( داوای فیدرالیزمی قەومی ناکەین بەڵکو فیدرالیزمی جغرافی داوا دەکەین)، سەبارەت بەکەرکوکیش تاڵەبانی ڕایگەیاند کە:( کەس نەیووتووە دەبێ پێش دانانی دەستور کێشەی کەرکوك چارەسەر بکرێت ). لەلایەکی تریشەوە بۆ ڕازی کردنی دڵیان هەرچی زیاتر دەچنە ژێرباری مەرج و داواکانی ئیسلامی سیاسیەوە ، تاڵەبانی لەگفتوگۆیەکدا لەگەڵ ڕۆژنامەی دێر ئیشپیگلی ئەڵمانی ئەوەی ڕایگەیاندووە کە: هیچ کاتێك عێراق نابێتە ووڵاتێکی عەلمانی ( سکۆلار) چونکە ئەوە بە مانای جیاکردنەوەی ئایین لە سیاسەتە و ئێمە ئیسلام بە ئاینی ڕەسمی عێراق دەناسین و کردوومانەتە سەرچاوەیەك بۆ دارشتنی دەستوری هەمیشەیی عێراق. هەرلەگەرمەی ئەم ئاڵوگۆڕانەدا لەدواسەردانەکەیدا بۆ شاری نجف و بۆ لای سیستانی تاڵەبانی ڕایگەیاند کە: سیستانی فریشتەیەکە لەلایەن خواوە هاتووە.

ئێستا کار گەیشتووەتە ئەوەی لەلایەن ئیسلامی سیاسی ـ شیعەوە باسی( کۆماری فیدراڵی ئیسلامی ) و دیاریکردنی شێوەی فیدرالیەکەش بۆ دوای دەستور هاتووەتەگۆڕێ. ئەو فیدراڵیزمەش کە ناویان هێناوە و جارجارەش ڕەتی دەکەنەوە لووت و گوێیان قرتاندووە و بەقەد ئۆتۆنۆمیەکی تیا ناهێڵنەوە.

هەرچەندە لە زاری فواد مەعسومەوە ئەم تەرحەی ( کۆماری ئیسلامی ) ڕەتکرایەوەو تەئکیدی لەعێراقی فیدراڵی کردەوە بەڵام ئەمە ناتوانی کێشەی ئەوان چارەسەر بکات. ئەوەندەی پەیوەندی بەڕەوەندی زەلیل بوون و ملدانی یەکێتی و پارتیەوە هەیە کەبەهەرقیمەتێك بێت فیدراڵیزم و کەرکوکەکەیان بقەبڵێنن، پەیوەندی بەوەوە هەیە کەئەوان لەپەنا و بەدەست تێکەڵکردن لەگەڵ ئەمریکا و ئەو هێزە کۆنەپەرست و تاریکانەی عێراقدا بە شوێن داواکانی خۆیانەوەن. هەربۆیە ڕێگا و ئاسۆیەکی تری سیاسی ڕۆشنیان لەبەردەمدا نیە جگە لەخزانە ناو گەمەیەکی منداڵانەوە لەناو زەلکاوێکی تاریك و لیخندا لەگەڵ ئەو هێزانەدا. ئەم هێزانەش بەپێی ئەو ناوەرۆك و ستراتیژانەی هەیانە ( ملهوڕی ئەمریکا و دەسەڵات بەسەر ناوچەکە و ململانێی ڕۆژئاوا، کۆنەپەرستی ئیسلامی و دەسەڵاتی ئیسلامی ، دەسەڵاتی فاشیستانەی ناسیۆنالیزمی عەرەب وحکومەتی عروبی لەعێراق و ناوچەکەدا ) هیچ باوەڕ و قەناعەتێکیان بەهی ئەوی تر و بەفیدرالیزمەکەی ناسیۆنالیزمی کورد نیەو ڕۆژانە بەپێی تەرازووی هێز بەمەزاج و سیاسەت و

تەرحی جیاجیاوە لەگەڵ یەکتر دەجولێنەوە، وەکو یاری منالأنی لێهاتووە زوو زوو لەیەکتر تورە دەبن بەیانی باوەش دەکەن بە یەکتریدا ، ڕۆژێ بەسەری یەك سوێند دەخۆن ڕۆژی دوایی لە پەنا یەکتردا بە نامە قسە لەگەڵ یەکتر دەکەن. ڕۆژێ نەرم و بە مرونەت قسە دەکەن ڕۆژێ توند پێی لێدادەگرن و لێی نایەنە خوارەوە. ئەمە ئەو گێژاوەیە ( ڕێگاچارە ) یەیە کە یەکێتی و پارتیش تێی کەوتوون لەسەری دەڕۆن و خەڵکی کوردستانیشیان پێوە گیرۆدە کردووە.

## ئاکامی بێ ئاسۆیی ناسیۆنالیزمی کورد

ئەمرۆ ستراتیژی( فیدراڵیزم و کەرکوك) و سیاسەتی( خۆگرێدان و دەست تێکەڵکردن لەگەڵ ئەمریکاو ئیسلامی سیاسی و ناسیۆنالیزمی عەرەب )ی یەکێتی و پارتی لەبازنەیەکی داخراودا دەسوڕێتەوە. ئەوان چی تر ناتوانن ( فیدرالیزم و کەرکوك) دەرخواردی خەڵکی کوردستان بدەن کە نایەتەدی. هەربۆیە بەردەوام هەوڵ دەدەن بە تەبلیغاتی نەتەوەپەرستانە خەڵکی کوردستان خەڵك چەواشە بکەن ناڕەزایەتی خەڵکی کوردستان لەم وەزعیەتە نادیار و مەترسیدارە لەسەرخۆیان لابدەن و بیخەنە ئەستۆی بەرامبەرەکانیان. هیچ کات بە ئەندازەی ئەمڕۆ ناسیۆنالیزمی کورد ژەهراوی نەتەوەپەرستی و ڕاسیستی و فاشیستی لە کوردستاندا بەسەرکۆمەڵگادا نەپژاندووە بۆ ئەوەی زەینی خەڵك کوێر بکات و بەم ڕێگا چەوت و تاریکەدا ببات تا وەکو زەخیرەیەك بۆ فشارهێنان و هەرجۆرە کێشمەکێشێك لەگەڵ ئەو هێزانەدا بەکاریان بهێنێت.

هاوکات لەلایەکی ترەوە بەردەوام لە پشت سەری خەڵکی کوردستانەوە لەپەیوەندیە ئاشکراو نهێنیەکانیاندا خەریکی ڕازی کردنی دڵ و قبوڵکردنی مەرج و داواکانی ئیسلامی سیاسی بەگشتی و شیعە بەتایبەتی و ناسیۆنالیزمی عەرەبن هەتا سووکە دانێك بە فیدرالیزمەکەیاندا بنێن. ئاکامی ئەم سیاسەتەی ناسیۆنالیزمی کورد پەلکێشکردنی خەڵکی کوردستانە بۆ ژێر سایەی دەسەڵات و دۆزەخی ئیسلام و قوڵکردنەوە و ئاڵۆزکردنی هەرچی زیاتری کێشەی میللی.

هەر ئێستا بە ئاشکرا تاڵەبانی ئەوە ڕادەگەیەنێت کە بەهیوای حکومەتی عەلمانی (سکۆلار) نەبن ، بەهیوای جیابوونەوەی دین لەدەوڵەت و قانون و یاسا نەبن، بەهیوای یەکسانی ژن و پیاو ....... نەبن، چونکە ئێمە قبوڵمان کردووە، سیستانیش فریشتەی خودایە.

بەکورتی، ئەم جۆرە ڕاگەیاندنانە ئەگەری هاوجووت بوونی ناسیۆنالیزمی کورد لەگەڵ حکومەتێکی کۆنەپەرستی ئیسلامی لەعێراقدا نیشان دەدا. دەیانەوێ لەپێناو بەناو فیدرالیزمێکی شەق و شڕ و دەست و باڵکراو خەڵکی کوردستان گیرۆدە و یەخسیری دەسەڵات و کۆنەپەرستی و دۆزەخی ئیسلام بکەن و جارێکی تر لەبەردەم هەڕەشەی زوڵم و کێشەی قەومیدا ڕایان بگرنەوە.

یەکێتی و پارتی ١٤ساڵە ڕێگای ( فیدرالیزم )خۆیان تاقی دەکەنەوە و ئەوەش ئەنجامەکەیەتی کەچی بەخەڵکیش دەڵێن ڕێگای جیابوونەوەی کوردستان لە عێراق عەمەلی نیە، شکست و بێ ئاسۆیی خۆیان بەم قسەیە دەقەبڵێنن. ئەمە سەرەڕای ئەوەی لە چەند دەیەی ڕابردوودا بۆ داوای حوکمی زاتی چەند دەرد و بەڵایان خستە بەردەم خەڵکی کوردستانەوە شکستیان هێنا. ئەمرۆ ئیتر کارتەکانی ئەوان سووتاون نۆرەی خواست و داوای خەڵکی کوردستانە کە بە هاتنەمەیدانی خۆی و بە ئیرادەی شۆڕشگێڕانەی خۆی و پشتیوانی خەڵکی ئازادیخوازو متمدنی دنیا ( نەك بە خۆگرێدان بە سیاسەتی ملهوڕی ئەمریکا و دەست تێکەڵ کردن لەگەڵ کۆنەپەرستان و فاشیستەکانی عێراقدا ) کۆتایی بەم سیناریۆ و یاریکردنە بە ژیان و چارەنووسی خۆیان بهێنن . تەنیا ڕێگای دەربازبوونی خەڵکی کوردستان لەم زەلکاوە تاریکەی ناسیۆنالیزمی کورد گەمەی تیا دەکات هاتنەمەیدانی خەڵکی کوردستانە بۆ جیاکردنەوەی کوردستان لە تیرۆریزمی ئیسلامی و دەسەڵاتی ڕەشی ئیسلام لەعێراقدا.

سامان ئەحمەد

2005 / 07 /17